# چەند دێڕێك لە ڕۆژی جیهانی ژناندا




پێشەکی بە ناوی خۆمەوە ڕۆژی جیهانی ژنان لە گشت شۆخ و ئافرەتانی کوردستان پیرۆز دەکەم و بەو هیوایەم کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژو سات لە دوای سات ئافرەتانی وڵاتەکەمان زیاتر بە مافە ڕەواکانیان بگەن.

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژو، دەبینین ئافرەت ڕۆڵی گرنگی پێ نەسپێردراوە بە تایبەتی لە زەمانی کۆیلەیەتیدا، وە هەمو کاتێ فەرمانڕەوایانی ئەو کاتە وەک کارەکەر بە کاریان هێناون وە کۆشکەکانیان پێ ڕازاندونەتەوە وە چینە هەژارەکەش ئافرەت تێیدا وەک ئامێرێکی زاووزێ کردن بووە واتە هەر لە دێر زەمانەوە ئافرەتی کورد هەرچەندە شان بە شانی پیاو ڕەنجی داوە هەموو ڕەنجەکانی بۆ فەرمانڕەواکان بووەو هیلاکی بە فیڕۆ چووە. ئافرەت تەنها بۆ هێشتنەوەی تەرازوی کۆمەڵ بەکار هاتووە.

وە لە سەردەمەکانی چەرخی نوێشدا لە بری فەرمانڕەواکان دەرەبەگەکان و ئاغاکان بونەتە هۆی چەوساندنەوەی ئافرەتان و مافەکانیان پێشێل کردون بە تایبەتی درامای ئافرەت لەم سەردەمەدا زۆر تراژیدیایانە بووە چونکە خاوەنی خۆی نەبووەو هاوسەرگیری بە ئارەزوی خۆی نەبووەو ئاغاو دەرەبەگەکان چارەنوسیان دیاری کردوەو باجەکەشی بۆ دەرەبەگەکە بووە وەک سورانە لێ سەندن.

پاشان لەسەردەمی دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی و کۆیلایەتی دێینە دەرێ و چاوێ بە سەردەمی پیشەسازی و ئافرەتدا دەگێڕین.شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتەکانی ئەورۆپاوە دروست بوو وە کارگەکان بونە جێگەی کۆکردنەوەی ئافرەتان و پیاوان واتە ڕۆڵێکی سەرەکی درا بە ئافرەت ئەویش ئیش کردن و بونی بۆجەیەکی تایبەت بو بۆ خۆی و خێزانەکەی بەڵام وەک ئاگادارین شۆڕشی پیشەسازی زۆر زۆر درەنگی خایاند تاکو بڵاو بویەوە لە دەرەوەی ئەوروپا، بە تایبەتی لە کوردستان چونکە وڵاتێکی کوشتوکاڵی بووە ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاو کاری کردووە لە کشتوکاڵ و پەروەردە کردنی منداڵدا، بەڵام پیاو سالاری بەشیان بووە.

دەتوانین بڵێین دوای جەنگی جیهانی دووەم وە بڵاو بونەوەی جاڕی گەردونی مرۆڤ ئافرەتی کوردیش زیاتر بە ئاگا هاتەوەو هەوڵی دا لە کۆمەڵگە دا دەست نەخشینی خۆی و بیرو تواناکانی بهێنێتە کایەوە وەک بەڕێز زێڕینای ئامێدی و عادیلە خانم و حەپسەخانی نەقیب و چەندەهای تر.

بە داخەوە دواکەوتویی کۆمەڵگە و پیاو سالاری تا ئەمڕۆش دەستیان هەیە لە بەرەو پێش نەچونی ڕەوشی ئافرەت لە کۆمەڵگادا، تا ئێستاش زۆربەی ئافرەتانی کورد نەخوێندەوارن و دەوری

خێڵەکی زاڵە بەسەر کۆمەڵگاو ئافرەتدا بە تایبەتی لە لادێکانی کوردستاندا وەک لە زۆر جێ دەڵێن شەرمە ئافرەت بخوێنێ، هێشتا دەبینین و دەبیستین کە ڕۆژانە لە زۆر ناوچەکانی کوردستان بە داخەوە لەسەر بێشکە کچ مارە دەکەن یان دەیکەنە بری خوێن بۆ ئاشتەواری دو خێڵ ئیتر چۆن ئافرەت بتوانێ بونی خۆی بسەلمێنێ؟

جگە لەمانەش هەموی بەداخەوە هەزار جار بەداخەوە ئافرەتی کورد خۆشیان ئازاری یەکدی دەدەن و یەکگرتو نین بۆسازدانی شۆڕشێ بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و فڕین بۆ دەرەوەی قەفەسە ئاسنینەکانی زوڵمی پیاو.
هەمومان زۆر جار بیستومانە فلان کچ خۆی سوتان لە داخی خەسوی، یان فلان ژن مرد لە داخی بوکەکەی، گەلێ سەیرە لە چەرخی بیست و یەکدا هێشتا ئەم پیشە ناشرینانە لە ئێمەدا ماوە، ئاخر بوك و خەسو خۆ هەردوکیان ئافرەتن بۆ ئەبێ ئازاری یەك بەن؟ بۆ پێکەوە سەهۆڵبەندانی زەوتی براو مێرد و خەزور و باوك ناشکێنن؟ من زۆر شت دەبیستم و دەبینم کە دەبێتە جێی سەرسوڕمانم بەتایبەتی کە بیرئەکەمەوە لەوەی ئافرەت لەگەڵ هەمو کێشەکانی خۆیدا خۆیان زوڵم لەیەك ئەکەن.
کاتێ کوڕێ لەگەڵ ژنەکەی شەڕی ئەبێ ، دەبینین دایکی کوڕەکە لە بری ئەوەی ئامۆژگاری کوڕەکەی کات و پێی بڵێ ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەت ژنەکەی هەبێ، ئەڵێ ڕۆڵە بەیانی ژنێکی تر بێنە.....!!!!!! جا ئافرەت خۆی لەگەڵ خۆیدا وا بێت داوای ئازادی چی لە پیاو دەکات؟
من پێم وایە ئێمە خۆمان لە زوڵمی خۆمان ئازاد کەین و یەك بگرین زۆر ئاسان تر دەتوانین دیواری زەوتی پیاو بشکێنین.

من لای خۆمەوە هیواخوازم بە زوترین کات ئەم ڕەوشتانە لە ناخی ئافرەتی کوردی نەمێنێ و هیواخوازم گشت مافەکانمان بە دەستی خۆمان بە دی بێنین، هەروەها داواخوازم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یاسایەك دانێ بۆ قەدەغە کردنی فرەژنی لە کوردستاندا چونکە کاتێ پیاوێ ژن بەسەر خێزانەکەیدا دەهێنێ کوشتنی ئەو ئافرەتەیە بە زیندویی، وە هەروەها تێکدانی ڕەوشتی منداڵەکانی ئەو خێزانەشە بەتایبەتی کچەکان، کاتێ کچێ ئەبینێ دایکی چەن ئازار ئەچێژێ و باوکی ژنی بەسەردا هێناوە ئەو کچەش لە باری دەرونییەوە نەخۆش ئەکەوێ و ترسێك ئەچێتە دڵی بەرامبەر بە پیاو وە بڕوای بە توانای خۆی کەم دەبێ....

ئێمە گەر باسی ئافرەت و کێشەکانیان بکەین ئەتوانین سەدان بگرە هەزاران پەرتوك بنوسین، بەڵام ئەمانەی من خستمە ڕو تەنها ئەستێرەیەك بو لەو ئاسمانەی کە ناوی ئافرەت و کێشەی ئافرەتە.
دوبارە پیرۆز بێ ڕۆژی جیهانی ژنان لە سەرجەم ئافرەتانی جیهان بەتایبەتی ژنانی کوردستانەکەمان.

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail.com